# فرمێسکی پەشیمانی لەمانگی ڕەمەزاندا

[ بە کوردی ]

# دمعة ندم في شهر رمضان

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز

الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و
وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

# فرمێسکی پەشیمانی لەمانگی ڕەمەزاندا

خۆشەویستان: پێویستیمان بەرژانی فرمێسکی پەشیمانی هەیە دەربارەی ئەو کەم و کورتیانەی کەکردومانەبەرامبەر بەخوای گەورەو پێغەمبەرەکی و ئاینەکەی و خودی خۆمانیش.

پێویستە لە مانگی ڕەمەزاندا لەچاوەکانمان ئاوی گەرم دەرهێنین بۆ ئەوەی تاوان و گوناهەکانمان بشواتەوە.

پێویستە لەم مانگەپیرۆزەدا خۆمان بشکێنینەوەو پەشیمانی دەربرین دەربارەی ئەو هەڵانەی کردومانەبەرامبەر بەخۆمان و ئوممەتەکەمان.

پێویستە لە مانگی ڕەمەزاندا دان بنێین بەتاوانەکانمان ، چونکەپێغەمبەرانی خوا ـ علیهم السلام ـ دانیان بەگوناهەکانی خۆیان ناوەو دەستیان بەگریان کردوەبەهۆیەوە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ئیبراهیم ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەفەرموێت:{والذي أطمع أن يغفر لي خطيئتي يوم الدين } ، هەروەها يونس ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەفەرموێت:{لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين } ، ئەمەحاڵ و وەزعیباشترین و پیرۆزترین مرۆڤن، ئەبێ وەزعی ئێمەی تاوانبار چۆن بێت؟ باشەکەی تەوبەدەکەین ئەگەر ئێستا نەیکەین؟ کەی پەشیمان دەبینەوەئەگەر ئێستا پەشیمان نەبینەوە؟

ئەی ئەو کەسانەی تاوان و گوناهیان زۆر بووە، ئایە کاتی ئەوە نەهاتوە فرمێسکی پەشیمانی برژێنن؟ ئایەکاتی ئەوە نەهاتوە بگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە؟ مانگی ڕەمەزان باشترین کاتە بۆ گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوە لە هەموو کردوەیەکی خراپ...

وەئامۆژگارێیکم هەیە بۆ خۆم و هەموو موسڵمانێك کەدەڵێیت ( لا إله إلا الله محمد رسول الله ) با هەمووومان پێکەوە لەم مانگەپیرۆزە بریارێکی لێخۆشبوون بدەین بۆ یەکتر، ئەوەی ناکۆکی و ناحەزی و ڕق و کینەهەیەلەنێو دڵی خۆمانی دەرهێنین، کاغزی سپی بۆ یەکتر بکەینەوەو برایەتی و خۆشەویتی لەنێوان خۆمان بەهێز بکەین، وەبا نەهێڵین شەیتتان و شوێنکەوتوانی پیلانەکانیان جێبەجێ بکەن بەسەرمان...

برایانی خۆشەویستم: ئەم مانگەمانگی لێبوردن و لێخۆشبوونە... دەبا لەو برا موسڵمانانەمان خۆش بین ئەگەر هەڵەیان بەرامبەرمان کردوە، بۆ ئەوەی خوای

گەورەلێمان خۆش بێت؛ چونکەخوای گەورەبەبەزەییەبەرامبەر ئەو کەسانەی کەبەبەزەیین بەرامبەر بەبراکانیان.

وەئەو کەسەی بەرۆژوەبەبەزەیی ترین کەسە، چونکەتامی برسیەتی و توینیەتی و کردوە، وەدەرونی بەشەوقەوەیە بۆ بەزەیی موسڵمانان.

ئازیزان و خۆشەویستان : باشترین کار بۆ مرۆڤی موسڵمان لەم مانگەپیرۆزەبریتیە لە گەڕانەوەی بۆ لای خوای گەورەو فرمێسکی پەشیمانی برژێنێت بۆ خوای گەورە... کاتی ئەوە هاتوە موحاسەبەی خۆمان بکەین و برایاری تەوبەیەکی ڕاستەقینەبدەین.

داواکارم لەخوای گەورە سیفەتی لێبوردەییمان پێ ببەخشێت و چاوەکانمان پڕ بکات لەفرمێسکی پەشیمانی و لەهەموو گوناهەکانمان خۆش بێت و بەبەهەشتی بەرین شادمان بکاتەوە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين